# یاسای سزادانی هەڵگرتن و دروست کردن و بەکارهێنانی تەقەمەنی(متفجرات ومفرقعات)

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان**
**ژمارەی بڕیار: ٣١**
**مێژووی بڕیار:١٤/١١/١٩٩٢**
**٢٣/گەلاڕێزان/٢٦٩٢ ک**

**«بڕیار»**

بەپێ ی حوکمەکانی برگە/١ی ماددە/٥٦ لەیاسای ژمارە(١)ی ساڵی/١٩٩٢ لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی ٢/١١/١٩٩٢ ئەم یاسایەی دەرکرد:

## یاسای ژمارە(٨) ساڵی/١٩٩٢
## یاسای سزادانی هەڵگرتن ودروست کردن و بەکارهێنانی تەقەمەنی(متفجرات ومفرقعات)

١- هەرکەسێ بەبێ مۆڵەت پێدانی لەلایەن دەسەڵاتێکی میری ی دەسەڵات پێدراوەوە تەقەمەنی(متفجرات ومفرقعات) دروست بکا یا لەدەرەوە بیهێنێ (استیراد) یا لەلای بێ، بەزیندانی کردن کەلە پانزە ساڵ زیاتر نەبێ سزا دەدرێ. ئەو شتانەش بە حوکمی تەقەمەنی دادەنرێن کە بۆ پێکهێنانیان بەکار دەهێنرێن. هەروەها ئەو جیهازو ئامێرو ئەدەواتانەش کە بۆ دروست کردن وتەقاندنیان بەکاردەهێنرێن.

٢- هەرکەسێ تەقەمەنی(متفجرات ومفرقعات)ی بەئامانجی تێکدان یارێکەوتن لەگەڵ دوژمنانی گەلی کوردستاندا بەکارهێنا یادەستی دایە بەکارهێنانی (شروع) بەشێوەیەک کە ژیانی خەڵکی بخاتە مەترسی یەوەیا زەرەرێکی گەورە بەکەسان بگەیەنێ یا ببێتە هۆی مردنیان، بەئیعدام کردن سزا دەدرێ.

٣- دەبێ وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

٤- ئەم یاسایە دوای پانزە ڕۆژ لە بلاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**نەژاد احمد عزیز ئاغا**
**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**